**بۆپێشەوە : بەرێز کەژاڵ حەمەرەشید ، رای ئێوە سەبارەت بە قسەوباس و رەخنەکانی مەلا بەختیار لە نوسەران چییە؟ بەرای ئێوە وەک نوسەرێک، قسەوباسەکانی مەلا بەختیار لە رەخنە و هێرشەکانی بۆ سەر نوسەران چەندە راستی و حەقانیەتی تیایە؟ ئایا هۆکەی ئەگەڕیتەوە بۆ چی لە ئێستادا لە لایەن مەلا بەختیار بەم شێوەیە وەڵامی نووسەران ئەدرێتەوە. بە تایبەتی لە کاتێکا ئەو تەئکید ئەکاتەوە " ئێمە سەرکەوتووین و راستییەکان بە لای ئێمەوەیە"؟**

**سەرەتا سوپاسی سایتی بۆپێشەوە دەکەم بۆ سازدانی ئەم گفتووگۆیە سەبارەت بەو هێرشانەی کە مەلا بەختیار کردوویەتە سەر نووسەران لەو قسەو باسانەیدا لەگەل رادیۆی لاوان لە سوید کردویەتی.**
**پێش هەرشتێك جێگای خۆیەتی کە رەخنەی توند لەو شێوازە ناشارستانی و پرسوکایەتیە بگرین کە ئەو بەکاری هێناوە بەرامبەر بە نووسەران. لە راستیدا ئەو فەرهەنگ و ئەدەبیاتە نزمەی ئەو قسەی پێدەکات دوورە لە لۆجیك و فەرهەنگی مۆدێرن و دیالۆکی شارستانیەوە. بەکارهێنانی ووشەو تەعبیری لە بابەتی ئەوەی"نووسەران بە هەلەکە سەما دێنەوە بۆ خەلات و بۆ پارە" یان سەبارەت بە رەخنەگرتنی نووسەران دەلێت " ئەوانە قسەی هەلەق و مەلەقن، سەرلێشێواون،،،" ئەم زاراوانە لە زمانی کەسێکی وەك ئەو کە لە ئاست مەسئوولەتێکی حیزبیکی دەسەلاتدار بێت لای خەلك مەسخەرەیە.**
**ئەو رەخنەگرتن و رەوت و شێوازی رەخنەگرتنی لە نووسیندا پێ رەوانیە، لای ئەو ئەوە سەرلێشێواویە ئەگەر نووسەرێك رەخنەگربێت. کە لە راستیدا ئەوە کارێکی ئاساییە ئەگەر نووسەرێك رەخنەگربێت.**
**رەخنەگرتن شێوازێکە لەشێوازەکانی نووسین، نووسەر هەیە رەوتی لێکۆلینەوەی گرتوەتە بەر، هەندێکی تر تەبلیغ و تەرویج دەکات ، هەندێکیش رەوتی رەخنەی گرتوەتە بەر، جا ئەو پێی خۆش بێت یان نا ئەم رەوتانە لە ئەدەبیات و نووسیندا جێگای خۆیان هەیە.یان هەلبەتە رەخنەگرتن و نووسەری رەخنەگر لە دەزگای فکری ئەوو حیزبەکەیدا جێگای نابێتەوەو قابیلی قبول نین. دیارە ئەو دەیەوێ هەموومان نووسەرانی کوردستانی نوی کەی ئەوان بین و تەنها خەریکی بەشان و بال هەلدانی دەسەلاتدا بین.**
**ئەو باسی هەلومەرجی دیموکراسی کوردستان دەکات، بەلام ئەگەر لەخۆی بپرسێ بۆچی بەشێوەیەکی گشتی نووسەرانی دەرەوەی وولات رەخنەگرن و بەتایبەتی دژی دەسەلاتن، ئەوا دەزانێت کە هۆکەی ئەوەیە لە دەرەوە دەستی سەرکوت و هەرەشەو چاوسوورکردنەوەی ئەوان دوورەو سانسۆر ناتوانێت دەوری هەبێت. کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت و سایتە ئازادو سەربەخۆکان یارمەتی دەرێکی باشن کە فرسەتی داوە نووسەران رەخنەکانین بەیان بکەن. کە بە پێچەوانەوە لە کوردستان کارێکی ئاسان نیە نووسەران**

هەرچی رەخنەكانیانە رووبەروی دەسەلات بكەنەوە لەلایەك بەهۆی بەرتەسكی دەزگاكانی پەخش و چاپەمەنی، نەبوونی ئازادی چاپەمەنی و رۆژنامەوانیەوە، لەلایەكی تریش فشارو هەرەشەو هێرش كردنە سەرنووسەران لەلایەن دەسەلاتداران و ئەحزابی ترەوە هەرچەندە بەو وەزعەشەوە نووسەرانی ناوەوە كەمیان نەكردوە. كەم نین ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لەلایەن ئەوانەوە داخران و پێچرانەوەو ممنوع كران لە بلاو بوونەوە. كەم نین ئەو نووسەرانەی هەرەشەیان لێكراوەو بێنەو بەرەی دەزگاكانی ئاسایش و دادگاكانیان پێكراوە.

بەكر عەلی نووسەرو شاعیرێك بوو لە جیاتی ئەوەی دەستی رێزو حورمەتی لێبنرێت، كاتێك رابەرایەتی نارەزایەتی خەلكی خانوە بێتاپۆكانی حامیەی كرد هەر لەبەردەم پارێزگای سلێمانیدا تیرۆریان كرد، كەچی یەكیتی هەر چەند رۆژ دوای ئەو تاوانە نووسەرانی كۆكردەوە بۆ كپ كردنەوەی نارەزایەتیەكانیان لەبەرامبەر ئەو كارە درندانەیەدا كە هەتاهەتایە پەلەیەكی رەشە بەنێو چاوانی ئەوانەوە. بەهەمان شێوە دوای تیرۆركردنی 5چەكداری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بۆكپ كردنەوەی نارەزایەتی نووسەران و ئەدیبان كەوتنە كۆبوونەوە لە گەلیاندا.

ئەو خەلات و پاداشتەی ئەو باسی دەكات ئەوە ئەوان حیزبەكان "یەكێتی وپارتی" خۆیانن لە كێبەركێ و ململانێی سیاسی خۆیاندا ئەو خەلات و پاداشتانە دابەش دەكەن و ئەو نووسەرانە خەلات دەكەن كە نووسەری رەخنەگری حیزبە منافسەكەی ئەولایە. من رەخنەم لەم جۆرە خەلاتكردنەیە، بەلام لەراستیدا نووسەران بەهۆی دەوروكاركردیان لە هەلومەرجە جیاجیاكاندا و بەهۆی هەلوێستی جوامێرانەیانەوە پێویستە تەقدیركرێن و خەلاتكرێن خەلاتێكی شایستەو واقعی نەك ئەو خەلاتانەی لە پشت كێشەی حیزبەكانەوە دەدرێن.

ئەو دەلێت ئەوان بەم رەخنە نامەوزوعیانە دەیانەوێ پشێوی بخەنە نێو هێزە سیاسیەكانەوە!! من نازانم ئەو بۆنایەت شەرەناوخۆییەكانیان لیست بكات كەسەدان كەسیان تیا كوشتوبر كرد، ئەم شەرە هەموو رۆژەییەی ئەوان خەتای نووسەرانی چی بوو؟ یان بەپێچەوانەوە ئەوە هەموو كاتێك نووسەران بوون لەدژی ئەو شەرانەی ئەوان رادەوەسات و مەحكومین دەكرد. لێرەدا خالێكم بەبیردێتەوە كە لەكاتی شەری نێوان یەكێتی و پارتیدا گروپێك لە نووسەران بۆ نارەزایەتی دەر برین بەرامبەر شەری حیزبەكان نیازیان وابوو خۆیان بسووتێنن، جا ئەمە هەرچەندێكیش جدی بوبێتن تیایدا نارەزایەتی بوو بەدژی شەرەكانی ئەواندا. ئەو باش دەزانێت كە نووسەران بەهۆی هەلوێستی رەخنەگرانەیانەوە هێرشكردنە سەریان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە یان حیزبەكانی تری كوردستانەوە لەكوردستان نەیانتوانیوە بمێننەوەو ناچار رویان كردوەتە دەرەوە. هەموو ئەمانەو لەلایەكی تر ئەو رۆژنامانەی لەدژی دەسەلات

دەنووسن هەمیشە لەژێر چاودێری و سانسۆردان و دەبێ لەسەر حسابی بژێوی ژیانی رۆژانەی نووسەرەکانیان بروات بەرێوە کە لەکاتێکدا ئەگەر رۆژنامەگەری ئازاد بێت ئەوا دەبێت بەبێ جیاوازی بووجە بۆ هەموو بلاوکراوەکان فەراهەم بێت.

ئەو دەلێت نووسەرانی رەخنەگر لە دەسەلاتەکەی ئەو ئەبێت وەك شتێکی زیانبەخش ئاگامان لێیان بێت!!!هەلبەتە ئاگالێبونەکە هەر وەك ئاگالێبوونەکەی بەکر عەلی دەبێت یان لە باشترین حالەتدا بێنەو بەرە پێکردنی ئاسایش و دادگاکان دەبێت. بەم چاوسوورکردنەوانەو بەو هەرەشانەوەی دەیکات باسی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنیش دەکات، ئەمە چ ئالۆزیەکە ئەوی تێکەوتوە؟ ئێمە دورەدەستین و ئەو لەوێوە ئەم هێرشانە دەکات خۆ ئەگەر بتوانن دەستی بدایە بۆیان رەنگە تۆرەکانی ئەنتەرنێتیان کۆنترۆل بکردایە.

باسی دیموکراسی و هاتنەناوەوەی خەلکی ترو حیزبی تر ئەکات، بەلام تا ئێستا نەمان بیست مەسئوولین ودەسەلاتداران لە پرۆسەیەکی دیمۆکراسیدا بگۆرێن بەلکو ئەوان تەوقی ئەزەلی و ئەبەدین بەسەر سەری خەلکی کوردستانەوە، ئەوان نەك بوار نادەن بە هێزو حیزبەکانی تر بەلکو گەر بۆیان بلوێ هەرچۆن لە دەریادا ماسیە گەورەکان بچوکەکان دەخۆن ئەوانیش هێزەگەورەترەکان ئەوانی تر دەتوێنێتەوە. (رەوتی زەحمەتکێشان) هەرئەوەندەی چەند کەسێکیان ئیستیقالەیانداو چوونە ناو یەکێتیەوە ئیتر یەکێتی دەستی خۆی والاکردو دەستی گرت بەسەر بەشێك لە بارەگاکانیان بەممتەلەکاتەوە وە بەنیاز نەبوون دەست هەلگرن هەتا کەوتنە بەر رەخنەو نارەزایەتی ئەندامانی تری (رەوتی زەحمەتکێشان).

ئەلێ رەخنەکانیان ژەهراوو تێزابن! وەختێك ئێمە رەخنەمان هەبوە لە شەری ناوخۆو وتوومانە با خەلکی بێتاوان نەبن قوربانی کێشەکانتان و بەرژەوەندیەکانتان، ئەوە تێزاب بوە بۆ سەر برینەکانی ئەوان، ئەگەر رەخنەمان هەبێت لە پرۆسەی خوێندن، ئەگەر رەخنەمان هەبێت لە تیرۆرو کوشتنی ژنان، رەخنەمان هەبێت لەکارپێکردنەوەی وەفیق سامەراییەکان و کاسەلێسەکانی رژێمی بەعس ، کاتێك باسی جیابونەوەی کوردستانمان کردوەو ووتومانەبەشداریکردن لە هەلبژاردندا لکاندنەوەی کوردستانە بەعێراقەوە ئەوانە بەراستی نارەحەتی و تێزاب بوون بۆسەر برینەکانی ئەوان.

هەموو ئەم هێرشانە پیشەو کاری هەردەستەلاتێکی سەروخەلکیەو ناچار بۆ سەرکوت و کۆنترۆلکردنی نارەزایەتی خەلك ئەبێ لە سەرەتاوە ئەم شێوازە بگرنە بەر. ئەوانیش ئێستا کە لە سەرەتای حوکمرانیەتی عێراقدان و بە تەجروبەی دەسەلاتداریێتیانەو لەکوردستانداوە دەچنە پێش، دەبێ هەرلە ئێستاوە توند تر لە13 سالی رابردوو خەریکی سەرکوتی موخالیفینی سیاسی و نارەزایەتی جەماوەری

بن خۆ ئەگەر ئەم کارە نەکەن و خەلك ئازاد بێت لە رەخنەو نارەزایەتی دەربریندا ئەوا ئەوان هەر ئەمرۆو سبەی لەو جێگەیەدا نەماون.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بلێم مەلا بەختیار لەو پەری فشارو نارەحەتیدا هاتوە هێرش دەکاتە سەر نووسەران، لەولاشەوە دەیەوێ دەورو کارکردی نووسەران بەکەم رادەگرێ . ئەوەش بلێم ئەگەر پاشگەز بوونەوەو شفاعەتکردن بۆ دەسەلات کە ئەو پێی دەلێت " ئاقلبوون" لای ئەو کارێکی رۆتین و ئاسایی بێت ئەوا ئەم کارە لای خەلکان و نووسەرانێکی خاوەن شەخسیەت و راوەستاو کارێکی ئاسان نیەو لە سیاسەت و ئەدەبیاتدا رەوشتێکی قبول نەکراوە.

لەگەل رێزو سلاوی دوبارەم بۆ سایتی بۆپێشەوە

کەژال حەمە رەشید
kazhalh@yahoo.com
2005\5\3